دارایی هەرێم: لێبیرکردنی ناوی دو بانکی حکومی لە لیستی موچەدا هیچ بنەمایەکی نییە

وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێم ڕایگەیاند، لێبیرکردنی ناوی دو بانکی حکومی لە لیستی موچەدا هیچ بنەمایەکی نییە و بە مانگی (نیسان/4) هاوشێوەی مانگەکانی پێشو تەنها داوای یەک موچە بە فەرمانبەرانی بانکەکان کراوە، دەشێت، "بەپێی یاساسانە هەر فەرمانبەرێکی بانک لە عێراق و هەرێمی کوردستان 15 موچە وەردەگرن کە سێ موچەیان زەدەکییە".

بەوبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان لە وەزارەتی دارایی و ئابوری ئەمشەو لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، لە چەند پەیج و میدیایەک هەواڵەک بڵاوکراوەتەوە کە ئاماژەیان بەوەکردوە وەزارەتی دارایی عێراق چەند تێبینییەکی لەسەر لیستی موچەی مانگی (نیسان/4)ی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان هەبوە، یەکێک لە تێبینییەکان لەسەر موچەی بانکە حکومییەکان بوە بە مانگی (نیسان/4) کە گوایە داوای دو موچە بە بانکەکان کراوە و لەناو لیستەکاندا ناوی دو بانک لە بیر کراوە و دواتر چارەسەر کراوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، بە پەویستمان زانی بە هەمو لایەکی ڕون بکەینەوە ئەو هەواڵە هیچ بنەمایەکی نییە و بە مانگی (نیسان/4) هاوشێوەی مانگەکانی پێشو تەنها داوای یەک موچە بە فەرمانبەرانی بانکەکان

کراوە و هیچ گۆڕانکارییەک لە لیستی موچەکانیان نەکراوە.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، داواکردنی دو موچە بەپێی یاسا بە فەرمانبەری بانکەکان بە مانگەکانی (نیسان/4) و (ئاب/8) و (کانونی یەکەم/12) ئاسایی و ساڵانە هەر فەرمانبەرێکی بانک لە عێراق و هەرێمی کوردستان 15 موچە وەردەگرن کە سێ موچەیان زیادکییە.